# بانگەواز بۆ پێك هێنانی كەمپینی ڕیشەكێشكردنی بەعس لە كوردستان

## بۆچونێك بۆ گفت و گۆ

عەلی مەحمود محەمەد
alimahmud2001@yahoo.com

14 ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێپەڕی , یەكێك لەپەیامەكانی ڕاپەڕین دادگاییكردنی تاوانباران بوو , بە پراتیكیش لە گەرماوگەرمی ڕاپەڕیندا چەندین كەس دادگاییكران . پاش دامركاندنەوەی ڕاپەڕین , ئەوانەی لە ڕاپەڕیندا داوای دادگاییكردنییان كرا سواری سەری ئامانج و دەسكەوتەكانی ڕاپەڕین بوون , پارتە دەسەڵاتدارەكانیش بوونە پارێزەری ئەو تاوانبارانە , پاشان هەر ئەوانە ئاگری مەرگەساتێكی كەیان بۆ جەماوەر خۆش كرد ئەویش گەرمكردنی شەڕی ناوخۆیی بوو .

دوای ڕوخانی سەدام دوو پۆلی كە پەیوەست بوون بەو تاوانبارانەوە , لە عێراقدا شوێنێك بۆ بەعسییەكان نەمایەوە , بەڵام لە كوردستان پارێزران . پاشماوەی بەعسی و تاوانباران لە وەزیر و بەرپرسان جاش و ئەو پێشمەرگە ڕوخاوانەی هاوسەنگەرانی خۆیانییان شەهید كردبوو پەیوەست بوون بە كوردستانەوە , ئەمەو سەرباری ئەوەی كۆمەڵێك بەعسی (سیخوڕ) خۆیان لەناو پارتەكان شاردبووەوە و گەورەترین خزمەتییان بە بە بەعس كردبوو فایلەكانییان ئاشكرا بوو .

بە داخەوە ئێستا كوردستان مەڵبەندی ڕاپەڕینە جەماوەری و چەكدارییەكان و سەدان هەزار قوربانی ئارامترین ناوچەیە لە عێراق بۆیان , بگرە بەشێكی زۆر لەو تاوانبارانە پلەی بەرزی حكومی و حیزبییان هەیە , تەنانەت لە بەشی كورد وەفیق سامەڕائی دەبردرێتە كۆشكی كۆمارییەوە . تا ئێستا هیچ شوێنەوارێك بۆ لێپرسینەوە لەو تاوانبارانە لە ئارادا نییە , هیچ گوێیەك نییە گوێبیستی داخوازەكانی جەماوەر بێت لە لێپرسینەوەو دادگایی كردنییان , بگرە هەندێك لە فایل قەترانییەكان پلەی پارتایەتییان بەرز كراوەتەوە .

بۆ وەفاداربوون بە بەهاكانی ڕاپەڕین , بۆ وەفاداربوون بە قوربانییان . پێشنیاری پێك هێنانی كەمپینی ڕیشەكێشكردنی بەعس و فایلداران لە كوردستان دەكەم , ئەم كەمپینە كار بۆ پاكسازی دەزگا حیزبی و حكومییەكان دەكات لە بەعسی و فایلداران و تاوانباران , هەوڵ بدات بۆ دادگایی گەیاندنییان .

دەشێت ئەم كەمپینە لە پارتی سیاسی و ڕێكخراوو كەسایەتی پێك بێت , پاڵەپەستۆی جەماوەری دروست بكات بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی كە ڕیشەكێشكردنی بەعسە لە كوردستان .

**5-6-2005**